# هەتاکەی عێراق بێ حکومەت ئەبێ

**ئەحمەد حامید**

وا بۆ شەش مانگ ئەچێ .هەڵبژاردن لە عێراقدا کراوە و ئەنجومەنی نیشتیمانی (پەرلەمان)هەڵبژێرداو چاودێرە سیاسییەکان بەشداریکردن و بەپێرەوە چوونی کۆمەلانی خەڵکیان بە باشی هەڵسەنگاندو کردەوەکەیان بەسەرکەوتوو دایە قەڵەم سەرەڕای ناتەواوی و کەم و کوڕیەکان و دەست تێوەردان و دەستکاریکردنی یاسای هەڵبژاردن بەو جۆرەی کە ڕووی دا خەڵکی عێراق بەتەما بوون کەلەماوەی چەند هەفتەیەکدا لایەن و لیستە سەرکەوتووەکانی، دەست بەکاربن بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ و بەڕێ بکەون بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو بەڵێن و پەیمانانەی کە دابویان بە خەڵکی عێراق. بەڵام وەك دەرکەوت ئەو خەڵکە ساویلکەو خۆش باوەڕە ، بە هەڵە چوو بوون و لەو حزب و لایەنە سیاسیانە تێنەگەیشتبوون لەوان وابوو دوای ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو ئەو زل هێزانە دەست لە خۆ ویستی و خۆ بە زل زانی و تایەفەو مەزەب و عەشرەت گەریەکەی جاران هەڵنەگرن و واز لە شەڕە کورسی و شەڕە دەستکەوت و داهات ئەهێنن و بەرژەوەندی گەل و نیشتیمان ڕەچاو ئەکەن .. کەچی لەماوەی ئەم پێنج مانگەدا دەرکەوت ئەو زل هێزانە ، چونکە لەمەو پێش چەشە بوون، زۆر لە جاران زیاتر و بەپەلە ترن و، بەهەڵپە ترن بۆ زەوتکردنی دەسەڵات و سەرچاوەکانی داهات، تەنها ئەوانەیان مەبەستەو هیچی تر!!

لەبەر ئەمانەیە کە مشتوومڕو بینەو بەردە لە نێوانیاندا هەر ڕوو لە پەرەسەندندن و ناکۆکیەکان ڕوو لە زیاد بوونن، ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە هەریەکە لەو لایەنانە وابەستەی یەکێك لە دەوڵەتە دراوسێکانن، یان بیانیەکانن و بەدەهۆڵی ئەوان سەما ئەکەن و ئەو دەوڵەتانەش لەناو خۆیاندا شەڕیانە لەسەر داگیرکردنی سامان و داهاتی ئەم وڵاتە و ئەیانەوێ عێراق لەو ڕێ و شوێنەوە بڕوات .

ئەو لایەنە سەرکەوتووانە ئەوەیان لە یاد چووە کە ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆی عێراق ،وڵاتەکە بەرەو پشێویی و ناسەقامگیری شەڕی ئاشوب ئەبات و لەوانەیە ئەوەشی کە تائەمڕۆ بەکۆڵەمەرگی دامەزرابێتەوە. لە دەست بچێ!!؟

وڵاتێك شەش مانگە بێ حکومەتە ، بێ پەرلەمانە ، لە ئاژاوەو مالوێرانیدا ئەژی، مەینەتیەکانی زۆرینەی خەڵك تا دێت خەستەبێتەوە. ئەو بەرنامە شەل و کوێرانەش کە دانرابوون .هەمووی ڕاوەستاوە ، پەیوەندی دیبلۆماسی و بازرگانی سیاسی دەوڵەتی عێراق گیری خواردووە . ئەی لەوە ناترسن کە نەتەوەیەگرتووەکان متمانە لەم دەوڵەتە بسێنێتەوە؟ لەوەناترسن کەوەکو ساڵی ٢٠٠٣ عێراق وەك وڵاتێکی بێ سەرو بەر سەیر بکرێ و سەرلەنوێ داگیر بکرێتەوە ؟! ئەم بارودۆخەی عێراق چاوەڕوانی هەموو ئەمانەی لێ ئەکرێ. بێجگە لە ئەگەری کەرت و پەرت بوون ..چونکە دوژمنایەتی و ناکۆکیەکانو، ململانێکان لە سنوری وڵات دەرچوون دەوروبەرو بێگانە جلوەکەیان گرتووەو ئاژاوەو دووبەرەکیەکی ئەو تۆیان ناوەتەوە ، ئەو سەری دیار نیە جاران شیعە یەك پارچە بوون ئێساتا کەرت و پەرت کراون و لە ناویەکدا ناکۆکن سونە و کوردیش بەهەمان شێوە. ئەمە بێجگە لە پاشماوەی بەعس، کە بوژاوەتەوە ، بێجگە لە هێزو بانده تیرۆرستیەکان کە بازاڕیان گەرم بووە . بێجگە لەو هەموو تیرەو تایەفەیەی تر. کە لەم دواییەدا ، بۆ مەبەستی تاییەتی دروست کراون .

ئەوەیش کە قورەکەی زیاتر خەست و قوڵ کردۆتەوە ئەوەیە کە بەرەی چەپ و دیمکراسی خوازان. نەك هەر لاوازن بەڵکو پەرش و بڵاون لەگەڵ ئەوەش دا هەست بەم وەزعە ئاڵۆزە ناڵەبارە ئەکرێ. کەچی لەناو خۆیاندا پێك نایەن..چونکە ئەم بارودۆخەی عێراق پێویستی بە هەڵمەتێکی گەرم و گوڕی جەماوەریانەی شۆڕشگێڕانە هەیە کە کۆتای پێ بهێنێ، ئەگینا ئەم هەلە لە بارە .لایەنێکی تر ، ئەیقۆزێتەوەو لە دەست ئەچێ ؟!!

# ئێران، شەڕ، بێدەنگی!

**نووسینی : سامان ڕەسول پور**
**لە فارسییەوە: محەمەد چاوشین**

وێنەی یەکەم: لەلایەك دەوڵەتێك لەسەر کارە کە لەناوزۆربەی کۆمەڵگە پێگەیەکی ئەو تۆی نییە. سەرکوت و گوشار لەهەموو ڕوویەکەوە درێژەی هەیە ، دەیان ڕۆژنامەنووس و سەدان هەڵسوڕاوی سیاسی لە زیندانداون. دەیان ڕۆژنامەو بڵاوکراوە داخراون. ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵی مەدەنی هەڵوەشێندراونەتەوە.

ڕێبەرانی نەیار هەڕەشەیان لەسەرەو و ئازادی کاری سیاسییان نییە. ئافرەتان لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی جیاوازی ڕەگەزی بەرەو ڕوون، گەلانی ئێران داوای مافەکانیان دەکەن، مەزهەبە جۆربەجۆرەکان گوشاریان لەسەرە، زانکۆکان ئەمنییەتی کراون و بوارێك بۆ چالاکی سیاسی و تەنانەت پیشەیش نەماوەتەوە ، سەرەڕای ئەوانەش، هەژاری و بێکاریش لەناوکۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی بەرچاو بڵاو بۆتەوە.

وینەی دووەم: کۆمەڵگەو وڵاتێك کە لەناوخۆیدا لەگەڵ ئەو کێشەو گرفتانە ڕووبەڕووبێ، لەگەڵ مەترسیەکی گەورە ڕووبەڕوویە: مەترسی شەڕ. بە شێوەیەك کە: بەرپرسی هێزەکانی ئەمریکا قسە لەسەر ئامادەکردنی پرۆژەیەك بۆهێرش کردنەسەر ئێران دەکات. سەرۆکی پێشوی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا دەڵێ: ئەگەری هێرشی سەربازی بۆسەر ئێران لەئارادایە. بەدەیان ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکا پشتیوانی لەبیرۆکەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی ئیسرائیل لەدژی ئێران دەکەن. گوشار و گەمارۆ نێودەوڵەتیەکان توندتر بوونەتەوە ، بە شێوەیەکی گشتی ئێران ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسیەکی زۆر بۆتەوە کە ئایندەیەکی شاراوە و نادیاری بۆ ئەو وڵاتە بەدواوەیە.

وێنەی سێهەم: هەڕەشە سەربازییەکان لەدژی ئێران لە هەمووکاتێك زیاتر خۆیان دەنوێنن، بەڵام ڕای گشتی لە هەموو کاتێك زیاتر بێدەنگ تره. نە لە کۆچەو کۆڵان، نە لەناو قوتابخانە و زانکۆکان، نە لە پایتەخت و شارە گەورەکان، خەڵکانێك کە بێگومان نیگەرانی شەڕن پەرچەکردارێك لە خۆیان نیشان نادەن. وەك نە هەڕەشەیك لەگۆڕێدا بێ و نە قسەیەك لەسەر شەڕ، لەگەڵ ئەوەدا کە زۆربەی خەڵکی ئێران خوازیاری شەڕ نین. تەنها پەرچەکردار و کاردانەوەیەك کە بوونی هەبێ پەیوەستە بە فەرمانده سەربازییەکان. لایەنی بیروڕای گشتی بێدەنگە.

بەڵام لەو نێوەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە : هاوولاتیانی ئێران بۆچی لەبەرامبەر ئەو هەموو هەڕەشە و گوشارانە بێدەنگییان هەڵبژاردووە؟ بۆچی تەنها دەنگێك کەهەیە دەنگی فەرماندە سەربازییەکانە نەك خەڵکانی تری ئێران؟

کارەساتەکە لێرەدایە ، کاتێك کۆمەڵی مەدەنی سەرکوت دەکرێت، کاتێك ئاشتی خوازانەترین ناڕەزایی خوێناوی دەکرێ، کاتێك ڕێز لە ئازادی ڕادەربڕین وجیاوازی بیروڕا ناگیردرێت، کاتێك گرتوخانەکان پڕدەبێ لە نوخبەکانی کۆمەڵگە و شەقامەکانیش خاڵی دەبن لە خستەڕووی داخوازی و دەربڕینی دەنگی ناڕەزایی، کاتێك هاوارەکان بێدەنگ دەبن، سروشتییە کە ئیتر دەنگێك نامێنێتەوە بڵێ: شەڕ نا!!، "نەدا"یەك نامێنێتەوە کە زەمزەمەی ئاشتی بکات. گردبوونەوە دەوڵەتییەکانیش بایەخێکی ئەو تۆیان نییە و کاریگەریشیان بۆ هیچ شوێنێك بڕناکات.

دەرسێك کە دەبێ فێری بین ئەوەیە: ئەگەر لەناوخۆدا کۆمەڵی مەدەنی گەشەنەکات، ئەگەر ئازادی ڕادەربڕین و بیروباوەڕ و کۆڕو کۆبونەوە بوونی نەبێ، ئەگەر سەرکوت و پێشلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەگۆڕیدابێ، ئەگەر زیندان و دورخستنەوەو ئەشکەنجە هەبێ، خەڵك تەنانەت لەبەرامبەر شەڕیشدا بێدەنگی هەڵدەبژێرن. بێدەنگیش نەبن کاردانەوەکانیان هیچ کاریگەریەکی نابێت و ئەمەش یەکێکە لە مەترسیدارترین ئەو دەرهاویشتانەی کە لەئەنجامی سەرکوتی ناوخۆیی کەوتۆتەوە.

خۆشباوە رترین لێکدانەوەش لێرەدا ئەوەیە : ئەگەر وڵات لە مەترسیدابێ، هاوولاتیان گرفت و کێشەکانیان لەگەڵ حکومەت وەلا دەنێن و لەبەرامبەر هێرشبەران دەوەستنەوە. بەڵام کاتێك نەیاران و جودابیران دوردەخرێنەوە و دەخرێنە زیندان و لەناومالەکانیاندا دەست بەسەر دەکرێن، ئەوەزیاتر لەگاڵتەو پێکەنین دەچێت.

پرسیاری کۆتایی: بۆچی حکومەت گرفتەکانی خۆی لەگەڵ هاوولاتیان هەڵناپەسێری و دەرگاداخراوەکان ناکاتەوە، پێش ئەوەی کاتەکە زۆر درەنگ بێ؟

# لە پەراوێزەکانی فاشیزمدا

**فەرۆخ نێعمەتپوور**

لە کتێبێکی نۆروێژی بە ناوی "مێژووی بیرە سیاسییەکان"١ سەبارەت بە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی فاشیزم ئاماژە بە چەند هۆکارێکراوە کە بریتین لە :

ـ فاشیزم دەژکردەوەیەکە بەرامبەر بە ڕەوتی پیشەیی کردنی وڵات یان کۆمەڵگە. لەم حاڵەتدا پرۆسەی پیشەیی کردن بەشێکی بەرچاوی جەماوەر ناچار بەجێهێشتنی زێدی خۆیان و ڕووکردن لە شارەکان دەکات. جەماوەری دابڕاو لە شوێنی باب و باپیران کە لە سروشت و شوێنی هەمیشەییان هەڵبڕاون، بێزار لە شوێنی نوێ، بیری جاران دەکەن و ئەم تامەزرۆییە ، بێزارییەکی سەیریان سەبارەت بە ڕەوتی سەنعەتی کردنی کۆمەڵگە تێدا پێکدێنێ.

ـ هۆکاری ناسیۆنالیسم و نابەرابەرییە سیاسییەکان: لە ئاژیتاسیۆنی فاشیستیدا پێ لە سەر تایبەتی بوونی نەتەوەی خۆی و خۆشەویستیی زێدی بابووباپیران دادەگیردرێ و هەر بەو پێیە زێدی ئەوی دی و ئەو خەڵکەی تێیدا دەژی بە کەم سەیر دەکرێ و بە هێند وەرناگیردرێ. هەروەها لەم بیرۆکەیەدا ئەو نابەرابەرییە سیاسییەی کە دەکرێ بە کێك لە هۆکارەکانی (ڕەنگە هۆکاری سەرەکیش بێت) لایەنی بەرامبەر بێت، وەها گەورە دەکرێتەوە کە جێیەك بۆ گوناهی خۆ نابینرێتەوە. جگە لەمە ئەم بیرۆکەیە ئەفسانەیەك لە بوونێك بە ناوی "خایینی ناوخۆ" سازدەکات، بۆ ئەوەی بیانوویەك بێت بۆ ڕێکخستنی هێزی خۆی لە یەکلاکردنەوەی دەسەڵات لە کێبەرکێی ناوخۆییدا. بۆ وێنە ئاڵمانییەکان پەیماننامەی ڤێرسایان بە هۆکاری نوشستی ئاڵمان دەزانی و جووەکان و کۆمۆنیستەکانیان بە خایانانی ناوخۆ کە لە خزمەت دوژمندا بوون لە قەڵەم دەدا.

ـ قەیرانی سیاسی و ئابووری: شەڕی یەکەمی جیهانی و قەیرانی ئابووری ساڵی ١٩٢٩ و لەرزۆك بوونی دەسەڵاتە دیموکراتییەکان، باوەڕی خەڵکی بە سیستەمی ئابووری و دەسەڵاتی دیموکراتیانە لاواز کرد و ئەمە زەمینەی بۆ بیرۆکەی فاشیستی باشتر ڕەخساند. ئەمە مەیدانی ڕەخساند بۆ ئەو بیرۆکانەی کە توندئاژۆ بوون و چارەسەرکردنی قەیرانەکەیان لەو ڕێگایانەدا دەبینیەوە کە ڕەگیان لە توندڕەویدا هەبوو.

ـ دژە کۆمۆنیسم بوون: فاشیستەکان بە توندی دژایەتی بیرۆکەی چەپ دەکەن، پێش لە هەموویان کۆمۆنیستەکان و دواتر باڵەکانی دیکەی چەپیش، وەك سۆسیالیستەکان و سۆسیال دیموکراتەکان و هتد. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە سیستەمی دێموکراتیکدا ئەم لایەن و ڕەهەندانە هەن و دەتوانن چالاکی بنوێنن. بگرە لە سیستەمە دیموکراتیکەکاندا زۆر جاران لایەنی چەپ دەورێکی گرینگ لە سیاسەتی وڵاتدا دەگێڕێ. بۆ وێنە لە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەورووپادا.

ـ فاشیستەکان دژی پارلمانتاریسم و دیموکراسین: فاشیستەکان هەڵبژاردن و سیستەمی دیموکراسی وەك شێوەیەکی لاوازی بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی وڵات سەیر دەکەن و بە پێچەوانەوە دیکتاتۆری بە شێوەیەکی شیاو لە قەڵەم دەدەن.

ـ مارکسییەکان پێیان وایە کە فاشیزم دیاردەی سەردەمی قەیرانی سەرمایەداریە ، کاتێك بۆرژوازی خۆی ناتوانێ سیستەم لە قەیران ڕزگار بکات، بە پێچەوانەی مەیل و حەزی خۆی، دەسەڵات دەداتە دەست فاشیستەکان. بۆرژوازی بە دیکتاتۆریی ڕەش قایل دەبێ بەس بۆ ئەوەی بنەما سەرەکییەکانی سیستەمی سەرمایە کە مافی خاوەندارێتی و بازرگانی ئازادە، بپارێزێ. بە گوێرەی ئەم بۆچوونە ، فاشیستەکان لەم کاتەدا جگە لە پاراستنی ئەم بنەمایانە ، هەموو دامەزراوە کرێکارییەکان قەدەغە دەکەن و باسی مانگرتن دەبێ بە باسی سەر. گەر بە وردی سەرەنجی ئەم هۆکارانە بدەین، زۆر ئاسان دەتوانین ڕەگەزەکانی جۆرێك لە هەست، یاخود بیرۆکەی فاشیستی لە ناو هەموو مرۆڤەکاندا ببینینەوە. بۆ وێنە لە هۆکاری یەکەمدا کە لە بنەڕەتدا پێوەندیی بە دابڕان لە شوێنێك و خۆبینینەوە لە شوێنێکی دیکەدا هەیە کە تێیدا مرۆڤ دڵنیاییە مادەی و ڕۆحییەکانی لە دەست داوە و لە دۆخێکی یەکجار دژواردا دەژی. دەتوانین بڵێین کە زۆربەی مرۆڤە دابڕاوەکانی نێوان دوو دۆخ، ئەوانەی وا ئیتر ناتوانن وەك جاران بژین و لە هەمان کاتدا ناشتوانن وەك ئێستا بژین، لە دۆخێکی وەهادا قەرار دەگرن کە زۆر ئاسان دەتوانن لە هەموو شتێکی ئیستا بێزار بن. بۆ مرۆڤێکی وا داهاتوو هەمان درێژبوونەوەی ئێستایە و هەربۆیە ڕۆح و فیکری بەردەوام لە ڕابردوودا سەیر و سیاحەت دەکات. ڕەنگە هیچ مرۆڤێك بە قەدەر ئەم مرۆڤە حەزی بە وێنەکانی ڕابردوو نەبێت!

لە هۆکاری دووهەمدا دیسان بینینەوەی لێکچوونەکان گەلێك ئاسانە. بۆ وڵاتانی لە چەشنی ئێمە کە وڵاتانی فرە ڕەگەز و فرە ئایین و فرە قەوم و نەتەوەن و نابەرابەرییە سیاسییەکان هەم ئەوان و هەم تاك دەگوشێ، زۆر سادە دەتوانێ هەستێکی فاشیانەی ڕق لەوی دی دروست بێ. لەم حاڵەتەدا خۆتەقدیس کردن لە فۆرمی تاکپەرستی، ئایین پەرستی و قەوم و نەتەوە پەرستی سەرهەڵدەدا و ڕێگا لە "لەوی دی تێگەیشتن" دەگرێ و بەربەست دەکات.

سەبارەت بە "قەیرانی ئابووری و سیاسی" دەبێ بگوترێ کە ئەم هۆکارە بە پێچەوانەوە لای ئێمە دەور دەبینێ. بەو مانایە کە قەیرانی ئابووری زۆر جاران بەستراوە بە دۆخێکی سیاسی داخراوەوە و هەر بۆیە دیموکراسی وەك سیستەمێکی تاقینەکراوە نابێتە هۆکاری قەیرانی ئابووری. کەواتە زۆر جاران قەیرانی ئابووری هەڵناداتە ڕق و بێزاری لە سیستەم و بیرۆکەی دیموکراسی، بە پێچەوانەوە ڕەنگە ببێتە هۆکارێك بۆ خواستنی. نەبوونی بێزاری لە دێمۆکراسی دەبێتە هۆی ئەوەی کە چەکەرەکانی فاشیزم نەتوانێ هەڵبداتە سیستەمێکی ڕووت و بە هێزی وا کە هەڕەشەی جیدی بێت بۆ دەرەوی خۆی.

ـ بە گوێرەی یەکێك لەو هۆکارانەی کە باسی لێکرا ، ڕق لە بیرۆکەی چەپ دەتوانی نیشانەیەکی ڕۆحی فاشیستی بێت لە تاك یان کۆمەڵگادا. ئەم ڕۆحە تا جەماوەری نەبووەتەوە، توانای ئەوەی نیە کە خۆی لە دەسەڵات نزیك بکاتەوە و هەڵبداتە سیستەم. بەڵام هەبوونی لە ئاستێکی فراواندا دەتوانێ مەترسی بێت بۆ سیستەم یاخود بیرۆکەی دیموکراسی، یاخود دیموکراسی خوازی. وەك دەبینین لە وڵاتانی دیموکراتیکدا چەپەکان دەتوانن و لە ڕاستیشدا بەشێکی گرنگی سیستەمی سیاسین، بەڵام فاشیستەکان لە چالاکی قەدەغە کراون. کەواتە یەکێك لە نیشانەکانی دیموکرات بوون و دووری کردن لە بیرۆکەی فاشیستی، کراوەبوون لە بەرامبەر بیرۆکە و هەبوونی بیرۆکەی چەپ لە کۆمەڵگەدایە.

بەڵام یەکێك لە دەرهاوێشتەکانی بیرۆکەی فاشیزم ئەوەیە کە بۆ دەرکردنی حەریف لە مەیدان دەست دەداتە حەزفی جەستەیی و فیزیکی. ئەمە لە کاتێکدایە کە بیرۆکەی دیموکراسی خوازی لەم شێوازە کەڵك وەرناگرێ. فاشیزم کە لە سەر ڕق (ڕقێك کە حەزی بە حەزفی جەستەی ئەوی بەرامبەرە) ڕاوەستاوە، دراوسێی ئەو بیرۆکانەیشە کە حەزیان بە سڕینەوەی جەستەی بەرامبەرە. تەواوی ئەو بیرانەی کە لەم ڕوانگەیەوە هەڵسوکەوت دەکەن، ڕەگیان لە فاشیزمدا هەیە. جا فەرق ناکات، چ بەرەنگاری خواز بن چ هێرشبەر، چ ناوی خۆی بنێ چەپ، یان دیموکرات یان هەر شتێکی دیکە. قسە لە سەر ئەوەیە کە هەموو لایەنەکان تاوانبارن لە چێکردنی وەها دۆخێکدا کە هەموو تێیدا مەیل، یاخود کردەوەیان بەرەو سڕینەوەی ئەوی دیکەیە.